لە تاقیگە گۆشتێک بەرهەمدەهێنرێت کە دە هەزار ساڵە گیاندارێکی لێناوچووە

مێژووخانەی زانستیی نیمە لە هەوڵندا گۆشتێک نمایشدەکات، کە لەلایەن کەمپانیایەکی ئوسترالییەوە بە بەکارهێنانی (DNA)ی گیانداری مامەس لە تاقیگەدا دروستکراوە.

فیلی مامەس نزیکەی 10 هەزار ساڵە لێناوچووە، زاناکان چەندین توێژینەوەیان لەبارەی هەکاری لێناوچوونی ئەم گیاندارەوە کردووە و زۆرینەی توێژینەوەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە گیاندارەکە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە لێناوچووبێت، پاش تێپەڕبوونی هەزاران ساڵ، کەمپانیای (ڤاو)ی ئوسترالی بە بەکارهێنانی (DNA) ئەو گیاندارە لە تاقیگەدا گۆشتێک بەرهەمدەهێنێت، کە ئێستا لە مێژخانەی نیمە لە هەوڵندا نمایشدەکرێت.

تیم نێکسیمەس دامەزرێنەری کەمپانیا ئوسترالییەکە لە لێدوانێکیدا بە ئاژانسی "AFP" رایگەیاند: ئەمە دەمانوێت ئەو تەگەیشتنە دروستبکەین، کە ئایندەی خۆراک لە هەسارەکەماندا لە ئێستا باشتر و جیاوازتر دەبێت، ئەمە دەمانوێت بە ئێستا شتی نوێ و سەرنجڕاکێش بکەین، هەکاری هەبژاردنی مامەسیش بە ئەم تاقیکردنەوەیە، ئەوەیە، کە توێژینەوەکان دەڵێن؛ گیاندارەکە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە

لەناوچووە و ئەمە وەک سیمبوولی لەناوچوون بەهۆی تەکچوونی کەشوهەواوە ناساندووماندە.

ئەرنست وەلفەتانگ، زیندەوەرناس و یەکەک لە بەشداربووانی پرۆژەکە رایگەیاند: ئەو پرۆتینەی لەم گەشتەدا هەیە، تەمەنی چوار هەزار ساڵە و ئەمە لەو کاتەوە ئەم جۆرە پرۆتینەمان نەبینیوە، بەیە لە ئەستادا لەبەر هەکاری تەندروستی ناتوانم تاقیبکەمەوە، بەڵام دوای ئەوەی توژینەوەی زیاتری لەبارەوەکرا و لە سەلامەتیی گەشتەکە دەنیابووینەوە، بە خەشحاییەکی زۆرەوە تاقیدەکەمەوە تا بزانم تامی چۆنە.

بە دروستکردنی ئەم گەشتە، ریزبەندیی "DNA" مامەس وەرگیراوە و رەکخراوەتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە ریزبەندییەکەدا کەموکورتی هەبوو، بە پەکردنەوەی ئەو کەموکورتییەش سوود لە دی ئەن ئەی فیلی ئەفریقی وەرگیراوە، کە بە نزیکترین گیاندار دادەنرێت لە مامەسەوە، پاشان ئەو جینە لە خانەکانی بەرخدا چێنراوە و توانراوە گەشتەکە بەرهەمبهێنرێت.

کەمپانیا ئوسترالییەکە بەهیوایە گەشتی دروستکراوی تاقیگە بتوانێت لە ئایندەیەکی نزیکدا کەبەکەی گەشتی سروشتی بکات و لە بازاڕەکاندا بفرۆشرێت.